ڕەوشی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت بە پێی یاساکانی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی
توێژینەوەیەکی شیکارییە لە شاری هەولێر

پوختەی توێژینەوەکە:

کەرتی تایبەت بە بناغە و بەرەوپێشبردنی سیستەمی ئابووری هەموو وڵاتێك دادەنرێت. ئەم کەرتە بە پێچەوانەی کەرتی گشتی لایەن تاك و کۆمپانیاکانەوە بەڕێوە دەبرێت، هەربۆیە ئامانجەکانی زۆربەی دام و دەزگاکانی ئەم کەرتە لەسەر بنەمای قازانجکردن دادەمەزرێن. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش ئەم کەرتە بە بەراورد بە ساڵانی رابردوو گەشەسەندنی باشی بە خۆیەوە بینیووە. بەڵام پێشتا لە سەرەتای گەشەسەندن دایە بە بەراورد بە وڵاتە پیشەسازیەکان، ئەوەی دەبێتە بەشێکی گرنگ لەم کەرتەش، هێزی کارە. هێزی کار ئەو تاك و ئەندامانەن کە بەشداریەکی گەورە دەکەن لە ئابووری هەموو وڵاتێك و کەرتی تایبەت بە تایبەتی، ئەمانیش لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ماف و ئیمتیازات کاردەکەن کە بەپێی یاسا بۆیان دیاری کراوە. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەندێك جار ئەم مافانە پێشێل دەکرێن، جا چ لەلایەن خاوەن کار بێت یان سنورداری ماف و ئیمتیازەکان بێت لەلایەن دامەزراوەکە خۆیەوە. پێشێل کردن و نەدانی مافە سەرەکیەکانی کارمەند لەم کەرتەدا کاریگەری بەرچاو دادەنێت لە سەر ڕەوش و ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کارمەندەکان، کە ئەمەش گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت. هەرلەسەر ئەم بنەمایە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتیە لە خستنەڕووی مافەکانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت، کە بە ڕێگای میتۆدی شیکاری وەسفی، مافەکانی کارمەندان بەپێی یاسای کاری عێراقی ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) و یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٤)ی (٢٠١٢) شیکراوەتەوە. دوای شیکردنەوەی زانیاریەکان گەیشتین بەو ئەنجامانە: لە یاسای کاری عێراقی کۆمەڵێک مافی گرنگ بۆ کارمەند دیاریکراوە ئەگەر وەک خۆی جێبەجێبکرێت ئەوا کارمەند لە ڕەوشێکی باشی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا دەبێت، وەک: کاتژمێرەکانی کارکردن، ڕۆژەکانی پشوو، هەبوونی ئامێرەکانی سەلامەتی، مەرجەکانی تەندروستی. هەروەها یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی زامنکردنی کاری هەمیشەیی کارمەندان و کەمکردنەوەی مەترسی لە دەستدانی کارەکەی، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دیاریکردنی دواڕۆژی کارمەندان، بەتایبەت مافی خانەنشینی بوون، کە بە مافێکی گرنگ دادەنرێت بۆ کارمەندان..

کلیلی ووشەکان: ڕەوشی ژیان، کارمەند، کەرتی تایبەت، یاسای کار، دەستەبەری کۆمەڵایەتی

پێشەکی:

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی (2003) وە، پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە زۆر لایەن بەخۆوە بینیوە، بێگومان کەرتی تایبەتیش بەکێک بووە لەو لایەنانە، ئەم کەرتە لە زۆربەی وڵاتاندا بە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن دادەنرێت بەتایبەت ئەگەر سەرمایەکی ئابووری بەهێز و هێزی زۆری کار هەبێ، چونکە بنەمای سەرەکی ئەم کەرتە بریتییە لە سەرمایە و هێزی کار. هەروەها کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دەبنەهۆی خستنەڕووی بەرهەمی زۆری ناوەخۆ، ئەوەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و کەمکردنەوەی بەرهەمی هاوردەکراوی وڵاتانی دەرەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی سەرمایەی ناوەخۆ نەچێتە دەرەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوام بوونی ئەم کەرتە بریتیە لە هێز و بازووی کارمەند، بە بێ هێزو بازووی کارمەند کەرتی تایبەت ناتوانێت بەردەوام بێت لە پێشکەوتن، کارمەندان گروپێکی پیشەیی یان کۆمەڵایەتی یان چینێکن کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری جیاوازیان هەیە، هەندێک جار وەک لایەنێکی سەرەکی بۆ پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان پێناسە دەکرێن و هەندێک جاریش وەک گروپێکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێن بە سیفەتی هاوبەشی کولتووری و ئابووری و پیشەیی. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی شیکارییە، لە چەند باسێک پێکهاتووە لە وانە: چەمکەکانی توێژینەوە، مێژووی کارتی تایبەت، ڕەوشی کارمەندان، یاسای کار، یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بە ئامانجی خستنەڕووی ڕەوشی ژیانی کارمەندان لە کەرتی تایبەت.

1. ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکەو پێناسەکردنی چەمکەکان: